

# سبەی پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی کچان ئەنجام دەدرێت

بڕیارە ڕۆژانــی ٢٣ – ٢٤ / ٨ لەهۆڵی فایەق قەساب لە ســلێمانی بەسەرپەرشتی نووســینگەی ئافرەتانی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردســتان و بەهاوکاری یەکێتی تۆپی سەرمێزی کوردستان قارەمانێتی تۆپی ســەرمێزی کچانی هەڵبژاردەی شارەکانی (هەولێــر، کەرکــوك، دهۆك، ســلێمانی ) بکرێت، سەبارەت بەم قارەمانێتییە د. کەژاڵ کاکە حەمە بەرپرسی نووسینگەی ئافرەتان ڕایگەیاند: ئــەم قارەمانێتییــە لەدرێژەی چالاکییەکانی نووســینگەکەمان تایبەت بە ئافرەتــان ئەنجام دەدرێت، بــۆ هەڵبژاردەی کچانــی شــارەکان لەهەرســێ ئاســتی (خونچەکان، بێچوە شێران، تازەپێگەیشتووان) مەبەست لەم قارەمانێتییە پێشخستنی ئاستی ئەم یارییەیە لەناو ئافرەتاندا، مەرجەکانیشی ئەمانەن:

**تەمەنەکان**

- خونچــەکان : ١٩٩٩ بــەرەو ژوور
- بێچوەشــێران: ١٩٩٦ بــەرەو ژوور

تازەپێگەیشتوان : ١٩٩٣ بەرەو ژوور

١. تەنها یەك یاریزان دەتوانێت بەشــداری قۆناغێکی بەرزتر لەخۆی بکات .

٢. سەرجەم تیپەکان بەقۆناغەکانییەوە یەك پۆش بن (زی الموحد) لەجل وبەرگدا.

٣. یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکرێت و تۆپی (Tibhar) بەکاردەهێنرێت.

٤. کۆبونــەوەی هونەری لەکاتژمێر ٩ ی بەیانی لەهۆڵی فایەق قەساب دەبێت.

٥. هــەر یاریزانێك دەبێ پێناســی باری کەســێتی (هویە احــوال مدنیە) خۆی پێ بێت .

کەژاڵ کاکە حەمە داوای لەشارەکان کرد بەهاوکاری نوێنەری نووسینگە لە شارەکان بــە زووترین کات تیپەکانیان بۆ بەشــداری پێکردن لەم قارەمانێتییە ئامادە بکەن.

# پاڵەوانێتی شەترەنجی کابا پــ



بەمەبەستی زیاتر گرنگی دان بە یاری شــەترەنج، بە ئامادبوونی پشــتیوان سادق ئــەندامــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئازاد سابیر سەرۆکی یەکێتی شــەترەنجی کوردســتان ژمارەیەکی زۆری ئارەزوومەندی یاری شەترەنج لە شاری هەولێر لە هوتێلی چوارچرا پەیمانگای کابا پلانکا بۆ فێر بوونی یاری شــەترەنج بۆماوەی ســێ ڕۆژ هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتی شــەترەنجی کراوە بۆ یاریزانانی کوڕ وکچی




# پێشمەرگەی سلێمانی نازناوی باڵەی کوردستانی بەدەست هێنا

له شـــاری ســـلێمانی کۆتایی هات بە یارییەکانی خولی بالەی نایابی یانەکانی کوردســـتان،لە هۆڵـــی داخـــراوی یانەی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکـــی زۆری هاندەرانی وەرزشـــی یاری یەکلایکەرەوە یـــاری بالەی نایابی کوردســـتان لـــە نێـــوان هـــەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی وشـــەقلاوە بەڕێوە چوو، بەر لە یارییەکە یانەی پێشـــمەرگە تەنیا بە سەرکەوتن لەم یارییە بە پاڵەوانی خولەکە دەســـت نیشان دەکرا،لەم یارییەشدا یاریزانانـــی یانـــەی پێشـــمەرگە توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، یارییەکەش بە ئەنجامی ٣-٠گێم لە شەقلاوەی بردەوە و بووە پاڵەوانی خولی نایابی وەرزی ٢٠١٠-٢٠١١،یانەی هەولێـــر یش پلەی دووەمی بەدەســـت هێناو شـــەقلاوەش پلەی ســـێ یەمی خولەکەی بەرکەوت،لەم بارەشـــەوە مامۆستا سەلاح کانەبی ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی ســـلێمانی بۆ فایلی وەرزشی گـــوڵان وتی «ئێمە لە خولی ئەمســـاڵ توانیمان ئاســـتێکی بەرز پێشکەش بکەین لە تـــەواوی یارییەکان،لـــە دوایین یاری پێـــش کۆتایی توانیمان لـــە نێو یاریگەی هەولێر لە یانـــەی هەولێر ببەینەوە ئەوەش وای کـــرد ئێمە زیاتر لـــە نازناوەکە نزیك ببینەوە، ســـوپاش بۆخـــوای گەورەش لە یانەی شەقلاوەمان بردەوە، بووینە پاڵەوانی خولەکە سوپاسی دەســـتەی کارگێڕی و یاریزانانی یانەکەمان دەکەین کە لەگشـــت یارییەکان هـــاوکاری یەکتری بوون ئەوەش بوو بەهۆی ئەو ئەنجامە باشە کە نازناوی خۆلی نایابی کوردستانمان بەدەست هێنا.





# ـــلانكای لە هەولێر بەڕێوەچوو

شـــاری هەولێر، بە سیستەمی سویســـیری بە حەفت جەولە بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکانیش یاریزانانی بەشداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد. لەم بارەشـــەوە دیار حەمە ســـاڵح ناوبژیوانی یارییەکان لەمبارەیەوە گوتی «لەم خولە ٤٢یاریزان بەشـــداریان کردبوو لە هەردوو ڕەگەز، ماوەی خولەکە ســـێ ڕۆژی خایاند و ئاستی یاریزانانی بەشداربوو زۆر بەرز بوو لە ماوەی حەفت جەولەکە ئـــەم پاڵەوانێتییەش پەیمانگای کابا پلانـــکا ئەنجامی دابوو وەکو بەرنامـــەی کاری خۆی کە زیاتر ئەو پەیمانگایە مەبەســـتیان خزمەتکردنی ئەو یارییە لە کوردســـتان بەتایبەتی شـــاری هەولێر .ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

١-ئارپاك وریا ٦,٥خاڵ
٢-کاردۆ ئاکۆ ٥,٥خاڵ
٣-نوح عەلی حوسێن ٥,٥خاڵ

شایەنی باسە ئەم پاڵەوانێتییلە لە لایەن هەریەك لە ناوبژیوانان (دیار حەمە ساڵح،عەبدول عەزیز ئەسوەد، عەلی عەبدوڵڵا، دڵزارحمە ساڵح) بەڕێوە چوو، لە کۆتایشد خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانانە سەرکەتووەکان دابەشکرا.

## فابریگاس
# لە بەرشلۆنە سوپاسی ڤینگەر دەکات


دوای سێ ساڵ چاوەڕوانی و گفتوگۆی نێوان هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ئەرسناڵ، یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا سیسك فابریگاس لە یانەی ئەرسناڵەوە هاتە یانەی بەرشلۆنە بۆ ماوە پێنج ساڵ بەرامبەر بە ٤٠ ملیۆن یۆرۆ، فابریگاس بە فەرمی لەیاریگای کامب نو بە ئامادەبوونی زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس پێشکەش بە هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە کرا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا فابریگاس خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە پەیوەندیکردنی بە یانەی بەرشلۆنە دوای ٨ ساڵ لە رۆیشتنی لەم یانەیە بۆ یانەی ئەرسناڵ، فابریگاس دووپاتیکردەوە گەڕانەوە بۆ یانەی بەرشلۆنە خەونێك بوو هاتە دی و بەڵێنی بە هاندەرانی یانەی بەرشلۆنە دا ئەوەی لە توانای دابێت پێشکەشی بکات بۆ ئەوەی نازناوی زیاتر بۆ یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا مسۆگەر بکات.

فابریگاس لە درێژەی قسەکانیدا یانەی ئەرسناڵی و راهێنەرەکەی ئارسن ڤینگەری لە بیرنەکرد و لەمبارەیەوە گوتی: من هەر قسەیەك بکەم مافی ڤینگەر نادەمەوە، وشەکانم ناتوانن گوزارشت لە سوپاسگوزاری بکات، قەت لە بیری ناکەم چونکە خۆم بە قەرزاری ئەو دەزانم، بەهۆی ڤینگەرەوە ئێستا لەگەڵ ئێوەم.

فابریگاس لە هەمان کاتدا سوپاسی راهێنەری یانەی بەرشلۆنە پیپ گواردیۆلا کرد کە بە بەردەوامی پێشتگیری لێکردووە بۆ ئەوەی بێتە ریزی یانەی بەرشلۆنە.



## گانزۆ خەون



یاریزانی لاوی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی سانتۆس پاولۆ هینریکی گانزۆ رایگەیاند یاریکردن بۆ یانەی ریال مەدرید وەك خەونێکە کە بە هیوایە بێتە دی و ئامادەی بەوەش کرد کە ئەو هاندەری یانەی شاهانەیە، گانزۆ کە بە ریڤالدۆی تازە ناسراوە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی مارکای شاری مەدرید دانی بەوە دانا



## جامی رۆجەرز..

لە هەردوو شاری تۆرەنتۆ و مۆنتریال لە وڵاتی کەنەدا یارییەکانی پاڵەوانییەتی جامی رۆجەرز ٢٠١١ لە یارییەکانی تێنسی سەر زەوی پیاوان و ئافرەتان کۆتایی هات و هەردوو یاریزانی سربی نۆڤاك جۆکۆڤیچ لە سەر ئاستی پیاوان و کچە یاریزانی ئەمەریکی سیرینا ویلیامز لەسەر ئاستی ئافرەتان نازناوەکەیان بەدەست هێنا، لەیاری کۆتایی پیاواندا جارێکی دیکە یاریزانی سربی نۆڤاك جۆکۆڤیچ پۆلینکاری یەکەمی جیهان ئەو راستییەی سەلماند کە ساڵی ٢٠١١ ساڵی ئەو یاریزانەیە کاتێك توانی لە یاریزانی ئەمەریکی ماردی فیشی بردەوە بە ئەنجامی دوو کۆمەڵە بەرامبەر بە کۆمەڵەیەك، ئەنجامی کۆمەڵەکان ( ٦ – ٢، ٣ – ٦، ٦ – ٤ ) بوو، جۆکۆڤیچ لە گەڵ ١٠٠٠ خاڵی پاڵەوانتییەکە کە شوێنی خۆی لە پلەی یەکەمی لە ریزبەندی باشترین یاریزانانی جیهان قایمتر کرد، خەڵاتی ٤٥٠ هەزار دۆلاری وەرگرت، جۆکۆڤیچ بەم سەرکەوتنە بووە یەکەم یاریزان لە مێژوودا، چونکە لە یەك ساڵدا پێنج

## به‌ ریال مه‌دریده‌وه‌ ده‌بینێت

كه‌ ئه‌گه‌ر هه‌لی یاریكردنی له‌گه‌ڵ یانه‌ی ریال مه‌درید بۆی بڕه‌خسێت ئه‌وه‌ له‌ ده‌ستی نادات و به‌خۆشحاڵییه‌وه‌ قبوڵی ده‌كات.

گانزۆ كه‌ئێستا ته‌مه‌نی ٢٢ ساڵه‌ گوتی: سه‌باره‌ت به‌ خۆم یاریكردن بـــۆ یانه‌ی ریـــال مه‌درید له‌ داهاتوودا خه‌ونێكـــه‌ و هیوادارم بێته‌ دی چونكه‌ من هانده‌ری ریال مه‌دریدم.

ده‌رباره‌ی یاریزان نیمار داســـیلڤا گانزۆ گوتی: ئه‌گه‌ر هاته‌ یانه‌ی ریال مه‌درید ئه‌وه‌ هانده‌ران خۆشـــیان ده‌وێت چونكه‌ یاریزانێكی لێهاتووه‌ و له‌گه‌ڵ شێوازی یاریكردنی ریال ده‌گونجێت.

شایانی باسه‌ یاریزان گانزۆ له‌لایه‌ن چه‌ندین یانه‌وه‌ داواكراوه‌ وه‌ك ئه‌ی ســـی میلان و پاریس سان جێرمان به‌ڵام یانه‌ی سانتۆس ده‌ستبه‌رداری نابێـــت تـــا دوای یارییه‌كانـــی مۆندیالی یانه‌كان له‌ كۆتایی ســـاڵی ٢٠١١.



## جۆكۆڤیج و سیرینا بوونه‌ پاڵه‌وان

نازناوی له‌ســـه‌ر یه‌ك له‌ پێنج پاڵه‌وانییه‌تی ماسته‌رز به‌ ده‌ست ده‌هێنێت، هه‌روه‌ها جۆكۆڤیج تا ئێستا له‌ سه‌رجه‌م ئه‌و پاڵه‌وانه‌تییانه‌ی كه‌ به‌شداری تێـــدا كردووه‌ ته‌نها یه‌ك یاری دۆڕاوه‌ به‌رامبه‌ر به‌ ٥٣ ســـه‌ركه‌وتن، له‌ هه‌مان كاتدا جۆكۆڤیج له‌ كـــۆی ١٠ پاڵه‌وانییه‌تی نۆ پاڵه‌وانییه‌تی به‌ده‌ست هێناوه‌ كه‌ دوانیان له‌ چوار پاڵه‌وانتییه‌ گه‌وره‌كانن.

له‌ یاری كۆتایی ئافره‌تاندا كچه‌ یاریزانی ئه‌مه‌ریكی ســـیرینا ویلیامز رووبه‌ڕووی كچه‌ یاریزانی ئوســـترالی سامنسا ستۆسه‌ر بۆوه‌ و توانی یارییه‌كه‌ بباتـــه‌وه‌ به‌ ئه‌نجامی دوو كۆمه‌ڵه‌ی بێ به‌رامبـــه‌ر، ئه‌نجامـــی كۆمه‌ڵـــه‌كان ( ٦ – ٤، ٦ – ٢ ) بوو، سیرینا ئه‌وه‌ دووه‌مین نازناوه‌ له‌ ساڵی ٢٠١١ به‌ده‌ستی ده‌هێنێ و خۆی ئاماده‌ ده‌كات بۆ به‌شداریكردن له‌ یارییه‌كانی پاڵه‌وانییه‌تی فلاشـــینگ میدۆز كه‌ دوا پاڵه‌وانییه‌تی گراند سلامه‌ له‌ ساڵی ٢٠١١ و یارییه‌كانی له‌ شاری نیۆیۆرك ئه‌نجام ده‌درێت.

### ئه‌گوێرۆ

## له‌ یه‌كه‌م یارییه‌وه‌ خۆی سه‌لماند

یاریزانی لاوی هه‌ڵبژارده‌ی ئه‌رژه‌نتین سێرجیۆ ئه‌گوێرۆ كه‌ به‌ بڕی نزیكه‌ی ٤٣ ملیۆن یۆرۆ په‌یوه‌ندی به‌ یانه‌ی مانچســـته‌ر سیتییه‌وه‌ كرد له‌ یه‌كه‌م تاقیكردنه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ یانه‌كه‌ی له‌ خولی یانـــه‌ نایابه‌كانی ئینگلته‌را ســـه‌ركه‌وتوو بوو كاتێك یانه‌ی مان سیتی به‌ره‌و ســـه‌ركه‌وتنێكی گه‌وره‌ برد، له‌ میانی یارییه‌كانی هه‌فته‌ی یه‌كه‌م به‌رامبه‌ر یانه‌ی ســـوانزی سیتی به‌ ئه‌نجامی چوار گۆڵـــی بێ به‌رامبه‌ر، له‌م یارییه‌دا ئه‌گوێرۆ ئاســـتێكی به‌رزی پێشكه‌شكرد و دوو گۆڵی تۆمار كرد.

له‌دوای یارییه‌كه‌ راهێنه‌ر رۆبه‌رتۆ مانشینی ستایشی ئاستی ئه‌گوێرۆی كرد و دووپاتیكرده‌وه‌ ئه‌گوێرۆ یه‌كێكه‌ له‌ هێرشـــبه‌ره‌ بـــه‌ تواناكانی جیهان و ده‌توانێت یارمه‌تی یانه‌ی مان ســـیتی بـــدات له‌ قۆناغه‌كانی داهاتووی خولی ئینگلته‌را و خولی یانه‌ پاڵه‌وانه‌كانی ئه‌وروپا كه‌ یه‌كه‌مجاره‌ به‌شداری تێدا ده‌كات.

جێگای ئاماژه‌ پێكردنه‌ یاریزان ئه‌گوێرۆ له‌ دوای هاتنی بۆ یانه‌ی مان سیتی شـــوێنی هاوڵاتیه‌كه‌ی خۆی كارلۆس تیڤیز له‌ پێكهاته‌ی یانه‌كه‌ی              له‌ق كرد.



## هەڵبژاردەی باسکەی عێراق لە هەولێر و تورکیا خۆی ئامادە دەكات

هەڵبژاردەی باسكەی عێراقی بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەناوبانگ فیكرەت تۆما دوو كەمپی مەشقی و ڕاهێنان ئەنجام دەدات. بەمەبەستی خۆئامادەكردنیان بۆپاڵەوانێتییەكانی داهاتووی هەڵبژاردەكە، لەمبارەشەوە فیكرەت تۆما ڕاهێنەری هەڵبژاردەی باسكەی عێراقی ئەوەی ئاشكرا كردو گوتی «ئێمە بۆخۆئامادەكردن بۆپاڵەوانێتییەكانی داهاتوو دووكەمپی مەشق و ڕاهێنان لە شاری هەولێر ئەنجام دەدەین كە لەم مانگە دەست پێ دەكات و بۆماوەی ١٠ڕۆژ بەردەوام دەبێت،كەمپی دووەمیشمان لە وڵاتی توركیا دەبێت وتاكو ١٥ی مانگی داهاتوو بەردەوام دەبێت و ١٠ یاری دۆستانەی ئامادەكاری لەگەڵ یانەكانی ئەو وڵاتە وهەڵبژاردەكانی ئامادەبووی ئەو وڵاتە ئەنجام دەدەین. دواتریش بۆپاڵەوانێتی عەرەب دەچینە وڵاتی قەتەر. گوتیشی بۆ هەردوو كەمپە مەشقییەكە ١٦یاریزانی یانەكانی شارەكانی عێراقمان بانگهێشت كردووە بۆ ئەوەی لەم كەمپە مەشقیانە سوودیان لێوە بگرین،



یاریزانانیش بریتین لە (ئەحمەد فەرحان و عەلا سەلیم لە یانەی شورتە، عەلی حاتەم و مستەفا جاسم لە یانەی حیلە، مالك فالح و محەمەد سەلاح و حەسەن سالح لە یانەی كارەبا و عەلی موئەیەد وحوسێن هادی لە یانەی كەرخ وقوتەیبە عەبدوڵڵا وعەلی عەبدوڵڵا وعومەر عامروعەلی عامر و ڕەحمان ئەحمەد و ئەحمەدعوبێد لە یانەی دهۆك و ئەنتۆنی جۆنیش لە ئەمەریكا بەشداردەبن) شایەنی باسە لەم هەڵبژاردەیەدا تەنیا یاریزان ڕەحمان ئەحمەد كوردە و، دانیشتوی شاری هەولێرە.



## لە ڕێگای فیسبوکەوە هاندەرانی زاخۆ داوای سەعدی تۆما دەکەن

یانەی زاخۆ لە هەوڵی بە هێز كردنی تیپەكەی دایە بۆئەوەی بتوانێ لەوەرزی نوێی خولی بژاردەی عێراقی ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنێت.

دوای ئەوەی ڕاهێنەری یانەی زاخۆ باسم قاسم لە بڕیارێكی لە ناكاودا بڕیاری جێهێشتنی یانەی زاخۆی دا، بەفەرمی بۆندی لەگەڵ یانەی شورتەی شاری بەغدا مۆركرد، لە ئێستاشدا یانەی زاخۆ لەهەوڵی جێگرتنەوەی ئەو ڕاهێنەرەدایە و بەنیازیشە ژمارەیەك گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی بەتوانای یانەكانی عێراق مۆربكات، لە ئێستاشدا هاندەرانی یانەی زاخۆ لە ڕێگەی ڕاپرسییەكی فەیسبووكەوە دوای هێنانەوە سەعدی تۆمای ڕاهێنەری پێشووی یانەكەیان كردووە بۆ ئەوەی مەشقی یانەكە وەربگرێتەوە. لەمبارەشەوە سەڵاح عەلی ئەندامی دەستەی كارگێڕی یانەی زاخۆ بە فایلی وەرزشی گوڵانی ڕاگەیاند گوتی «ئێمە هەوڵماندا بۆئەوەی گرێبەست لەگەڵ باسم قاسم نوێ بكەینەوە بۆئەوەی مەشقی یانەكە لە ئەستۆ بگرێتەوە، بەڵام ناوبراو ئامادەنەبوو گرێبەستەكەی نوێ بكاتەوە، ئێستاش ئێمە لە هەوڵی كۆبوونەین لەگەڵ سەرۆكی یانەكە كە لە دەرەوەی وڵاتە، ئەوكات ئەگەر ڕاهێنەرێكی عێراقیمان دەست نەكەوت بیرمان لەوە كردۆتەوە بۆند لەگەڵ ڕاهێنەرێكی بە ئەزموونی وڵاتی ڕۆمانیا ئیمزا بكەین، هەروەها بڕیارمانداوە ژمارەیەك یاریزانی بەتوانای یانەكانی عێراقی پەڵكێشی یانەكەمان بكەین،بەڵام تا ئێستا هیچ گرێبەستێكمان واژوو نەكردووە، بەڵام بەفەرمی لەگەڵ هەریەك لە نور سەبری گۆڵچی و ئەمیر سەباح وعەلا حوسێن گرێبەستمان نوێ كردۆتەوە، لە هەوڵی ئەوەشداین گرێبەستی سەفوان عەبدول غەنیش نوێ بكەینەوە، دوای كۆبوونەوەشمان لەگەڵ سەرۆكی یانەكەمان، ئەوكات بڕیاری كۆتایی دەدەین لەسەر ئەوەی كە باشترین یاریزانانی عێراقی بهێنینە ریزی یانەكەمان، ئێستاش لە یانەی زاخۆ هیچ كێشەو گرفتێكمان نییە.

## یانەی دووز بووە پاڵەوانی یانە پلە سێیەکانی کوردستان

لە شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی سەركار عەلی خان جێگری سەرۆكی یەكێتی تۆپی پێی كوردستان و جەماوەرێكی زۆری هاندەرانی وەرزشی، لەسەر یاریگەی یانەی سەرچنار یاری كۆتایی خولی یانەپلە سێییەكانی كوردستان لە نێوان هەردوو یانەی سەرچنارو دووزی شاری كەركووك ئەنجامدرا. لەم یاریەشدا یاریزانانی هەردوو یانە ئاستێكی بەرزیان پێشكەش كرد و بەدرێژایی هەردوو گێمی یارییەكە، لە ئەنجامی كۆتایش یانەی دووز توانی یارییەكە بە تاكە گۆڵێكی یاریزان محەمەد كەریم خەلەف لەسەرتای گێمی یەكەم تۆماری بكات و سەركەوتن بەدەست بهێنێت و ببێتە پاڵەوانی خولی یانە پلە سێیەكانی كوردستان، هەردوو یانەش سەركەوتن بۆ ریزی یانەپلە دووەكانی كوردستان، لە دوای كۆتایی هاتنی یارییەكەش لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبوو خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەركەوتووەكان دابەشكرا، شایەنی باسە ئەم خولە لەلایەن یەكێتی تۆپی پێی كوردستان سەرپەرشتی دەكرا، كە ساڵانە بۆتیپەكان ئەنجام دەدرێت.

# یانەی هەولێر گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێک مۆردەکات

بە مەبەستی بەهێزكردنی تیپەكەیان بۆ وەرزی داهاتوو دەستەی كارگێری یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ حەوت یاریزان مۆركرد بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو لە ریزی یانەی هەولێر یاری بكەن. یاریزانەكانیش ئەمانەن:

١- بەفەرمی گرێبەست لەگەڵ یاریزان قوسەی مونیر مۆركرا ئەم یاریزانە لە هێڵی ناوەراست یاری دەكات و تەنیا لە جامی یەكێتی ئاسیا بەشداری لەگەڵ یانەی هەولێر دەكات و ئەم یاریزانە لە وەرزی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ لە یانەی هەولێر یاری كردووە.

٢- ئەمجەد رازی یاریزانی هێڵی هێرشبەری یانەی قوە جەوییە و هەڵبژاردەی عێراق ئەم یاریزانە لەم وەرزە بە تۆماركردنی ١٣ گۆڵ لە پلەی دووەمی گۆڵكارانی خولی عێراق هات و لە وەرزی رابردوو گۆڵكاری خولی عێراق بوو هەروەها بۆ ماوەی یەك وەرز لە یانەی هەولێر یاری دەكات لە جامی یەكێتی ئاسیا و خولی عێراق.

٣- موسنی خالید یاریزانی هێڵی ناوەراستی یانەی قوە جەوییە و كاپتنی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی عێراق ئەم یاریزانە بە پێی راپرسی رۆژنامەی مۆندیال بە باشترین یاریزان لە خولی عێراق لەم وەرزە دەستنیشان كرا و بۆ ماوەی یەك وەرز یاری بۆ یانەی هەولێر دەكات.



٤- حوسێن عەلی وەحید یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی قوە جەوییە و لە باڵی راست یاری دەكات لەم وەرزە ئاستێكی بەرزی لەگەڵ یانەی قوە جەوییە پێشكەش كردووە و جێگەی دەستخۆشی هەموو چاودێرانە، ئەم یاریزانە بۆ ماوەی یەك وەرز یاری بۆ یانەی هەولێر دەكات لە خولی عێراق و جامی یەكێتی ئاسیا.

٥- ئەحمەد ئەیاد یاریزانی هێڵی ناوەراستی یانەی قوە جەوییە و هەڵبژاردەی عێراق، ئەم یاریزانە رۆڵێكی باڵای هەبوو لە گەیشتنی یانەی قوە جەوییە بۆ چوار گۆشەی زێرین ئەم یاریزانە لە خولی عێراق یاری دەكات و ناتوانێت بەشداری لە جامی یەكێتی ئاسیا بكات.

٦- حاتم زێدان یاریزانی هێڵی ناوەراست لە یانەی موسڵ یاری دەكات لە باڵی چەپ یەكێكە لەو یاریزانانە كە دوا رۆژێكی گەش چاوەڕێیان دەكات و ئەم یاریزانە بۆ ماوەی دوو ساڵ بە بری ٣٥ ملیۆن دینار گرێبەستی لەگەڵ یانەی هەولێر مۆركردووە.

٧- حوسام كازم یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی نەفت جنوب و هەڵبژاردەی عێراق ئەم یاریزانە لەم وەرزە ئاستێكی باشی پێشكەش كرد و لە باڵی چەپ یاری دەكات.

# تیروپشکی خولی یانە پلە یەک و دووەکان ڕاکیشرا



لە بارەگای یەكێتی تۆپی پێی كوردستان لە هەولێری پایتەخت بە ئامادەبوونی سەرۆكی یەكێتی تۆپی پێی كوردستان و جێگرو ئەندامانی یەكێتییەكە و نوێنەری یانەكانی خولی پلە یەك و پلە دووەكانی كوردستان بۆ وەرزی نوێ ٢٠١١-٢٠١٢ڕاكێشرا، سەرەتای دەستپێكی ڕاكێشانی تیروپشكەكەش سەفین كانەبی سەرۆكی یەكێتی تۆپی پێی كوردستان وتەیەكی پێشكەش كردو باسی گرنگی كردنەوەی بەردەوامی خولەكانی كوردستانی كردو تیشكی خستە سەر خولی پلە یەك وپلە دووەكان كە ساڵانە وەكو بەرنامەی كاری خۆیان ئەنجامی دەدەن و گوتیشی یانەكان بودجەیەكی كەمیان پێدەدرێت، پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار چاوێك بە بودجەكانیان بخشێنرێتەوە بۆئەوەی لە تەواوی شارەكان تۆپی پێ گەشە بكات وچەندین قوتابخانە و فێرگەی تۆپی پێ بكرێتەوە، دواتریش تیرو پشكی خولەكە ئەنجامدرا، لە بارەی خولی پلە یەكەكان ١٨یانە بەشداردەبن، یارییەكانیشیان بە خولێكی یەك قۆناغی بەرێوە دەچێت، لە مانگی تشرینی یەكەمی ئەمساڵ دوو یانەش سەردەكەون بۆخولی نایابی كوردستان،خولی پلە دووەكایش بە هەمان شێوە ١٨یانە بەشداردەبن و دابەشكراون بەسەر دووگروپ لە هەرگروپێك ٩یانە بەشدارن و بە خولێكی یەك قۆناغی یارییەكانیان ئەنجام دەدەن و دوو یانەش سەردەكەون بۆریزی پلە یەكەكانی كوردستان.

تیروپشكی هەفتەی یەكەمی خولی پلە یەكەكان
پێشكەوتن –ئاشتی
سیمێل-هەڵەبجە
كۆیە-خاك
سیروانی نوێ-ئاڵا
سۆلاف-ئاسۆ
مەخمور-خانەقین
برایەتی-چەمچەماڵ
دهۆك-سۆران
گارە-دەربەندیخان
خولی پلە دووەكان وخشتەی هەفتەی یەكەم
گروپی یەكەم
كرێكاران-پیشە سازی
زەرایەن-ئاڵتون كۆپری
چۆمان-كەیوان
دووز-سەرچنار
كفری چاوەڕوان دەبێت
گروپی دووەم
بەردەرەش-دووبز
شەقڵاوە-ئاكرێ
دووكان-خەبات
ئەتاخی-سیروانی شارەزوور
حاجیاوە چاوەڕوان دەبێت